## وەڵامێك بە عمر فتاح و مەلابەختیار

# خەڵك چەواشە مەكەن! تەنها دەستی خۆتان لە پشتی رووداوەكەی هەڵەبجەوە بوو !

**سامان ئەحمەد**

جەنابان!

قسەكانی بەرێزتان بۆ جەماوەری هەڵەبجە لە رۆژی ۲۰ / ۳ زۆر توند و خراپ بوون و دووربوون لە راستی یەوە. دەبوایە وەكو سەرۆكی حكومەتی یەكێتی مەسئولانە و وەكو بەرپرسی رێكخراوە دیموكراتیەكانیش كە رۆژانە باسی دیموكراتی و مافی مرۆڤ دەكەن ژیرانەتر لانی كەم هێمن تر وەكو بەرێز( عماد ئەحمەد ) قسەتان بكردایە. بەڵام پێ دەچێت ئیوە لەسەرەتاو كۆتایی رووداوەكانی هەڵەبجەدا بریاردەر و تەرەفی ئەسڵی بووبن. قسەكانی ئێوە بۆ دەربڕینی توڕەیی و پەیامی هەڕەشەی حزبەكەتان هێندە هستریكی بوو، هیچ بیركردنەوە و مەنتیقێكی تیا نەبوو، پری ناكۆكی بوو .

ئیوە! جەنابانیبەریز..! لەگۆشەی سووتانی یادگاری هەڵەبجەوە سیناریۆیەكی چەواشەكارانەتان نیشاندا و رووداوی ڕاستەقینەی سەر زەویتان داپۆشی و شاردەوە هەروەكو چۆن ئاسایشەكانتان كامێرای پەیامنێرەكانیان شكاند و حجزكرد. وەكو ئەوەی لە هەڵەبجەدا كەستان نەكوشتبێ و بریندار نەكردبێ و دەیان كەستان دەستگیرنەكردبێ و لەو ڕۆژەوە بارودۆخێكی ملیتانت و نیمچە ڕەش بگیرتان بۆ تۆقاندنی جەماوەری هەڵەبجەو شارەزوور نەخوڵقاندبێت. ئێوە گیان و سەلامەتی و كەرامەتی جەماوەری هەڵەبجەتان بۆ گرنگ نەبوو كە پێ شێلتان كرد هەر باسیشتان نەكرد، لە جیاتی لێبوردن كەوتنە ئیتیهامكردن و پەیامی هەڕەشەتان بەسەر ئەو جەماوەرەدا باراند. ئێوە سەلمانتان كە ئاهو كەسەرتان بۆ سوتانی یادگاری هەڵەبجە لە ڕێزو وەفای حزبەكەتان بۆ قوربانیان و كارەساتی هەڵەبجە نیە. ئێوە ئەو مەزارەتان وەكو كەرەسەیەك بۆ مامەڵەی سیاسی و جوانكردنی دەسەڵات و حزبەكەتان بەكاردەهێنا ، دەنا بەعەقڵی كێدا دەچێت ئێوە لە جەماوەری شاری هەڵەبجە جەرگتان بۆ قوربانیان و كارەساتی هەڵەبجە زیاتر بسوتێت و هاتوهاواری بۆ بكەن ، لەولاشەوە بە بڕیاری حزبەكەتان گوللەبارن بكرێن دەستی خۆتان و حزبەكەتان بەخوێنی لاوەكانیان سوور بێت.

ئێوە تاوانێكی گەورەو بێ بناغەتان خستە پاڵ ئەو خەڵكە و سوتانی مەزارەكەتان بەدەستی تیرۆریستە مزگەوت تەفێنەرەوەكانی بەغدا و سامرا و دەستی شەمشەمەكوێرەكانی ئیسلام لەقەڵەم دا. بەرێز مەلا بەختیاریش بە ئاشكرا ووتی ئەو ڕێپێوانە ئامانجی ئاوەدانكردنەوەی شارەكەی نەبوو بەڵكو ئامانجی سووتانی مەزارەكە بوو. ئێوە بەم قسانەتان جەماوەرێكی خۆپیشاندەری چەند هەزار كەسی شاری هەڵەبجەتان بە تیرۆریستە زەرقاویەكان لە قەڵەم دا. تا بەم تاوانە بیان ترسێنن كەچی دی جورئەت نەكەن خۆپیشاندان بكەن. پاشان بۆ دروستكردنی تەمومژ لە زەینی خەڵكدا بێ ئەوەی بیر لە قسەكانی پێشتری بكاتەوە ووتی ئەو كارە هی خەڵكی هەڵەبجە نیە ! ئەمە چ گاڵتەجاڕیەكە ئێوە دەیكەن؟ سەبارەت بەوەش كە دەڵێن كەسێك شیعاری( بمانخەنەوە سەر ئێران)دراوە بیانوویەكی زۆر رەزیلانەیە، دەنا ئەوە خواست و شیعاری جەماوەر و ئەو خۆپیشاندانە نەبووە، لەهیچ لافیتە و راگەیاندنێكی كۆمیتەی خۆپیشاندانەكەدا ئەو شیعارە نەبووە و رابەرانی ئەو خۆپیشاندانە لەگەڵ شەخسی خوتان داواكاری و خواستەكانی خۆیان خستووەتە بەردەستان، خۆپیشاندانێكی چەند هەزاركەسی جەماوەریدا ئەفرادی لایەنی جۆراوجۆر تیایدا بەشداری دەكات لە ئەندامانی یەكێتیشی تیدابووە ( ئینسان سەر بەهەر لایەنێك بێت بەشێكە لە جەماوەر)، ئەنجا ئەگەر وەكو ئێوە دەڵێن كەسێك لەو بارو دۆخەدا كە شێوانتان و ئاڵۆزتان كرد شیعارێكی وای دابێ ئەوە شیعاری

گیرفانی خۆی بووە ناتوانرێ بەشیعاری ئەو جەماوەرە و خۆپیشاندانەکە مەزەندە و حساب بکرێت. مەگەر وەکو ئێوە بە شوێن بیانوویەکەوە بن بۆ پاساوی تۆمەت و سیاسەتێکی خۆتان.

جەنابانی پایەبەرزی کوردستان! ..

ڕووداوەکانی هەڵەبجە لە کۆمەڵگایەکی ترو دنیایەکی ترەوە ڕووی نەداوە تا بتانەوێ بە ئاسانی دایپۆشن ئەمدیو و ئەودیوی پێ بکەن. چەندین ڕۆژ پێش ڕووداوەکە دەستەی دامەزرێنەری کۆمیتەی خۆپیشاندان بە ئاشکرا لەلایەن چەند لاوێکی ئازادیخوازو ناسراوی هەڵەبجە پێکهات و چاوپێکەوتنیان لەگەڵ میدیاکان و ڕۆژنامەکان سازدا و ئێوەیان ئاگادار کردەوە و لە ئاستی جۆراوجۆردا قسەوباسیان لەگەڵ شەخسی خۆتاندا کردووە. ئایا ئەمە ڕەوشت و کاری شەمشەمە کوێرە و تیرۆریستەکانە؟ بەڵام ئێوە لە جیاتی ئەوەی بەپیر داخوازیەکانیانەوە بچن، هەر لە سەرەتاوە وەکو سیاسەتی هەمیشەییتان کەوتنە ئیحتواکردنی ئەو نارەزایەتیە بە وەعد و وەعیدی دەستی دەستی پێکردن و تەنانەت بۆ بەرگرتن بەو ناڕەزایەتی خۆپیشاندانە چەند ڕۆژ پێشتر لەلایەن کەسانی خۆتانەوە خۆپیشاندانی ساختەتان سازدا.

ئاشکرابوون و بێ پەردەبوونی دەستەی دامەزرێنەری کۆمیتەی خۆپیشاندان و گەیاندنی نارەزایەتی و خواستەکانی جەماوەری ئەوشارە بە دەسەڵات و بانگەوازی خۆپیشاندان دەلیلی ئەوەیە کە خۆپیشاندانی هەڵەبجە لە هەناوی بێ مافی و بێ خزمەتگوزاری و بارودۆخێکی نەخوازراوی نائینسانی دا سەری هەڵداوە و ئاقارێکی شارستانی و مۆدێرنی هەبووە.

ڕۆژی هەڵەبجەش گونجاو ترین ڕۆژی ئەو شارەیە هەروەکو هەشتی مارس بۆ ژنان و یەکی ئایار بۆ کرێکاران کە ناڕەزایەتی و هێزی خۆیان بەڕووی زوڵم و بێ مافیدا نیشان بدەن و ئێوەی دەسەڵاتدار ناچار بکەن مل بە داخوازیەکانیان بدەن.

بەپێچەوانەی ئیتیهامی بەرێز مەلا بەختیارەوە کە دەڵێ ئامانجی ئەو ڕێپێوانە سوتانی ئەو مەزارەبوو. ئەمە ئیتیهامێکی هەدەفمەندانەیە و نیشانەی ئەوەیە ئێوە ئامادە نین دەست لە سەرکوت و پێشێلکاری هەڵگرن. سووتانی ئەو مەزارە نە بۆ کۆمیتەی خۆپیشاندان نە بۆ خۆپیشاندەران ئامانج و خوازراو نەبوو .ئەوان لە مامەڵەی سیاسی ئێوە بەکارەساتی هەڵەبجە و ئەو مەزارە و بێبەشی و بێمافی خۆیان هاتبوونە دەنگ.خۆپیشاندانیش هەرلەسەرەتاوە هێمنانە بوو، بەڵام ئێوە بە تەقەکردن لەخۆپیشاندەران و کوشتن و برینداركردنیان لەو مەزارەوە خۆپیشاندانەکەتان بەجۆرێك شێواند و تێکدا لە دەست خۆتان و کۆمیتەی خۆپیشاندانیش دەرچوو بەرەو ئاقارێکی توندو تیژیتان برد.

حزبەکەی ئێوە دەمێکە عادەتی گرتووە لەهەرجێ یەك چەند کەس بە نیازی خۆپیشاندان کۆبێتەوە تەقەیان لێ بکەن. ئەم حەساسیەتەی ئێوە بەخۆپیشاندانی جەماوەر بووەتە عەقڵ و سیاسەتێکی ڕەسمی ئێوە . شوین و شارێك نەماوە خۆپیشاندانی تیاکرابێت و ئێوە تەقەتان لێ نەکردبێت. بەڵام ئەمجارە ڕەوتی ڕووداوەکان بە جۆرێکی خراپ و بە پێچەوانەی بەرژەوەندی خۆشتان شکایەوە پێی ڕیسوا بوون.

بە قسەی عماد ئەحمەد لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیدا ئێوە سەرەتا پێتان وابوو بە پێی ئەو زانیاری و کارانەی لە هەڵەبجە بۆ نەکردنی خۆپیشاندان کردووتانە ئیمکانی خۆپیشاندان نیە وخۆپیشاندان ناکرێت. ئێوەش بێ گوێدانە ناڕەزایەتی و خواستەکانی ئەو جەماوەرەی هەڵەبجە خەریکی فاك و فیکی خۆتان بوون دەتانویست بەسەر دەنگی خەڵکی ناڕازی هەڵەبجەدا ڤیستیڤاڵ و بەزمی خۆتان سازبدەن. بەڵام خۆپیشاندانەکە بەدەرلە لێکدانەوەی هەڵەی ئێوە ڕوویدا.

ئێوە کە ڕووبەڕووی خۆپیشاندان بوونەوە بیرتان لەوە نەکردەوە عەقڵ میوانتان نەبوو کە هەڵەبجە شارێکی جیاوازو حەساسە، لەوەش حەساس تر ئەوەیە کە ئەو ڕۆژە ڕۆژی ساڵیادی هەڵەبجەیە و خەڵکەکەی خۆپیشاندانی کردووە و دڵ و گەرووی ئەو شارە لەو ڕۆژەدا بریندارە، هاوکات هەموو کۆمەڵگا چاویان لەسەر ئەو شارەیە. بەڵام ملهوڕی ئێوە هیچ

کام لەمانەی نەخوێندەوە هەربۆیە وەکو عادەت و پیشەی هەمیشەیی خۆتان هەروەکو ئەوەی لە کەلار و رانیە وشارەکانی تر کردتان نەك تەنها بڕیارێکی دژی ئازادیتان دا بەڵکو بڕیارێکی کوێرانە و نادروستاندا کە فەرمانتان دا گوللە بارانی خۆپیشاندانەکە بکەن. ئەمە ئەو عەقڵ و دەستەیە ( بە قەولی خۆتان ئەو دەستە تیرۆریستەیە) کە ئاقاری خۆپیشاندانەکەی گۆڕی بەرەو ئاڵۆزی و توند و تیژی لەوانەش سوتانی مەزارەکە برد. بەداخەوە لەسەرکردایەتی ئێوەدا تەنها کەسێکی ژیری تێدا نەبوو نەك تەنها لەڕووی هەستکردن بەمەسئولیەتەوە بەڵکو بۆ بەرژەوەندی حزب و دەسەڵاتەکەی خۆشتان لەو بارەیەوە بڕیارێکی دروست بدەن. بڕیاری تەقەکردن لەخۆپیشاندانێکی چوار پێنج هەزار کەسی شاری هەڵەبجە و لە لەباروداخێکی ناسکی ساڵرۆژی هەڵەبجەدا کردەوەیەکی شێتانە بوو. ئەمە ئەو دەستەیە کەخۆپیشاندانەکەی بەو ئاقارەدا برد ئێوە دەتانەوێ بیشارنەوە. ئەمڕۆش بە هەمان عەقڵ و هەمان دەست ئەو ناوچەیەتان کردووە بە قولەی چەکداری بۆ تۆقاندنی خەڵك، چاو لە خەڵك سوور دەکەنەوە، هەڕەشە لە خەڵك دەکەن.

بێگومان ئەگەر ئێوە تەنها بۆ یەك ڕۆژ لەسەرکوتی خۆتان ببورانایەو شایەتمانتان بە ئازادی خۆپیشاندان بهێنایە هەر پێش وەخت دەتانتوانی خۆپیشاندانەکە بە هێمنی بهێڵنەوە وەڵامی داخوازیەکانی خەڵك بدەنەوە: ئەو ڕۆژەتان بە بڕیاری جێبەجێ کردنی داخوازیەکانیان بکردایە بە ڕۆژی خۆشی خەڵکی ئەوشارە. بەڵام ئێوە هەر لەسەرەتاوە کە ژمارەی خۆپیشاندەران ١٥٠کەس بوو بڕیارتا دا تەقەیان لێ بکەن ، ئەوەش بزانن لە کاردانەوەی ئەو تەقانەی ئێوەدا دەیان بەرابەر خەڵکی تر بە خۆپیشاندانەکەوە پەیوەست بوون و نزیکەی **چەند** هەزار کەس بەشداری خۆپیشاندانەکەیان کرد ، ئەی ئەمە دەستی کێ بوو؟ ئەمەش شەمشەمەکوێرەکان کردیان ؟ یان کاردانەوەی تووڕەیی خەڵکی ئەو شارەبوو لەو کردەوەیەی ئێوە کە تەقە لە لاوان و خوێندکارانیان دەکەن؟

تەقەکردن لە خۆپیشاندان ڕاگەیاندنی شەرە لەگەڵ خەڵك. ئێوە بە بریاری خۆتان مەیدانی خۆپیشاندانتان بەدوورلە خواست و ئیرادەی خەڵك کردە مەیدانی شەڕ ، ئێوە بۆ سەپاندنی دەسەڵات و بەزمی خۆتان شەرێکی ناڕەواو نابەرابەرتان و لە ڕۆژێکی ئیجگار حەساس دا بەسەر ئەو خەڵکەدا سەپاند. ئەو مەزارەشکە هاتوهاواری بۆ دەکەن کرتانە بەندیخانەی خۆپیشاندەرە دەستگیرکراوەکان و وسەنگەری تەقەکردن بۆ کوشتنی خەڵك. لەچرکەساتێکی وادا لەخۆپیشاندانێکی بریندار وووروژاودا لە شارێکی وەکو هەڵەبجەدا ئەو مەزارەش کەپێشتر وەکو کەرەسەیەکی سیاسی وحزبی ئەو ڕۆژەش کردبووتانە بەندیخانەو سەنگەر هیچ مانا و پیرۆزیەکی لای خەڵکی ئەو شارە نەما و پەلاماریان داو سوتاندیان.

ئێوە کارەکەتان لە خەڵکە شێواند. ئێوە باش ئەو ڕاستی یە دەزانن کە دەست دەستی خۆتانە و خەتا خەتای خۆتانە خۆ بێ مەڵامەت نیە کە هەموو کامێرای پەیامنێرەکانتان پەلاماردا و شکانتان. چونکە ڕاستی لەناو سیناریۆی ڕووداوەکەدایە.

ئەوە یەکەمجاریش نیە ئێوە دوای سەرکوتی هەر ناڕەزایەتیەك و تەقەکردن لە هەرخۆپیشاندانێکی جەماوەری تۆمەتی بوونی دەستێکی نەخەنە پاڵ. تا دوێنێ لەبەرامبەر هەر چەشنە ناڕەزایەتیەکی جەماوەریدا دەتانووت دەستی حككع ی لەپشتە و ئەو حزبەش ئیجازەی نیە و چالاکی قەدەغەکراوە. ئەمڕۆش دوای کارەساتی هەڵەبجە هاتوون هەڕەشە لەخەڵك بکەن و جەماوەری خۆپیشاندەر بە تیرۆریست لەقەڵەم بدەن. دەست لەم قسانە هەڵگرن، گۆزە هەموو جارێك بە ساغی لەکانی نایەتەوە. زەرەری ئێوە لەم سەرکوتکردنەی خۆپیشاندانی هەڵەبجەدا بڕینی وێڵاشی یەکێتی و هەڵەبجە بوو لەلایەن خەڵکی هەڵەبجەوە.

قسەکانی ئێوەش لەو کردەوەکەتان توندتر و هستریکی تر بوو. ئێوە هاتن بە خەڵك بڵێن ڕێپێوان و خۆپیشاندانی ئامانجی تیرۆریستی هەیە ، ئێوە هاتن خەڵك بترسێنن کە نەکەن خۆپیشاندان بکەن خۆپیشاندان (دەستی لەپشتە) سەرکوتی دەکەین و دەیدەین بە دادگا، هاتن خەڵك بە ناڕەزایەتی و ئامانج و داواکاریەکانی خۆیان بترسێنن .

ئێوە دەزانن ناڕەزایەتی لە سەراسەری کوردستان لەئارادایە، خۆشتان ئامادەنین بارودۆخێکی گونجاو بۆ ئەو ناڕەزایەتیە کۆمەلایەتیەی خەڵکی کوردستان سازبدەن و ئازادی سیاسی قبوڵ بکەن هەتا خەڵکی کوردستان لە کەشێکی شارستانی و مۆدێرندا بەدوای خواست و ئامانجەکانی دا بڕوات. ئێوە سەرکوت و تەقەکردن لە خۆپیشاندان و پێشێلکردنی ئازادی سیاسی و هەڕەشەکردن و چاوسوورکردنەوە پێشێلکاریە سیاسیەکانتان دەخەنە خانەی خەیات لە دژی تیرۆرەوە. ئێوە بەم قسانەتان ڕەگی سەرکوتی دەسەلاتەکەتان ئەستورتر دەکەنەوە هەموو دەروازەیەك لە جەماوەری خەڵك دادەخەن. بارودخەکە هێندەی تر ئالۆزتر دەکەن.

ئەمڕۆ خەڵکی کوردستانی شایەتی ئەم سیاسەت و کردەوانەی ئێوەیە و ئومێدی ئەوەی نەماوە ئێوە( حزبە دەسەلاتدارەکانی کوردستان) بە خۆتاندا بچنەوە و جگە لە سەرکوت و دەسەلاتێکی داخراو شتێکی باشتر بکەن. ئەمڕۆ لە هەر جێگایەك لەناو جەماوەری کوردستاندا باسی ناڕەزایەتی و کۆبوونەوە و مانگرتن و ڕێپێوان و خۆپیشاندان بکرێت پێش وەخت خەڵك بیری لوولەی تفەنگ و شەقی ئاسایش و هەڕەشەی دەزگا تایبەتەکانی ئێوە( حزبە دەسەلاتدارەکانی کوردستان)یان دەکەوێتەوە و حسابی لەسەردەکەن.

خەڵك ئومێدێکی بە باش بوون و گۆڕانی ئێوە نەماوە. ئەمڕۆ تەنیا ڕێگایەك کە لەبەردەم خەڵکی ناڕازی کوردستاندایە ئەوەیە خەڵکی شارو شارۆچکەکانی تریش دەنگی خۆیان بخەنە پاڵ دەنگی جەماوەری ناڕازی هەڵەبجە و خواستەکانیان و پشتیوانیان لێ بکەن، تەنها خەبات و هاتنە مەیدانی سەراسەری جەماوەری شارو شارۆچکەکانی کوردستان دەتوانێ ئێوە (دەسەلاتدارانی کوردستان) ناچار بکەن کە ڕێز لە ئازادی سیاسی بگرن و قبوڵی بکەن .

٢٠٠٥/٣/٢٠